نێچیرڤان بارزانی بانگهێشتنامەیەکی پێگەیشت بۆ بەشداریکردن لە کۆبەندی دەوحە



نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بانگهێشتنامەیەکی لە محەمەد بن عەبدولڵەحمان ئال سانی، سەرۆك وەزیرانی قەتەر پێگەیشت بۆ بەشداریکردن لە کۆبەندی دەوحە.

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بڵاویکردەوە، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ چوارشەممە نێچیرڤان بارزانی پێشوازیی لە حسێن بن عەلی ئەلفەزالە، کونسوڵی گشتیی قەتەر لە هەرێمی کوردستان کرد و لە دیدارەکدا ئەلفەزالە، بانگهێشتنامەیەکی محەمەد بن عەبدولڵەحمان ئال سانی، سەرۆك وەزیرانی قەتەری بۆ بەشداریکردن لە کارەکانی کۆبەندی دەوحەدا، گەیاندە بارزانی کە بڕیارە مانگی 12ی داهاتو، بە چاودێری شێخ تەمیم بن حەمەد ئال سانی،میری قەتەر بەڕێوەببات.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەیی نیشاندا کە بەشداری لە کۆبەندەکەدا بکات، هەروەها جەختی لە خواستی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەودان بە پەیوەندییەکان و فراوانکردنی هاریکاریی هاوبەش لەگەڵ قەتەردا، کردەوە.

لایخیەوە کونسوڵی گشتیی قەتەر دوپاتی کردەوە کە "سەرکردایەتیی وڵاتەکەی، بە بایەخ و

گرنگییەوە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دەڵێت و خوازیاری ئەوەن لە هەمو بوارەکاندا ئاستی پەیوەندییەکان بەرەوپێش ببەن"، هەر لەمبارەیەوە هەردولا تیشکیان خستە سەر دەرفەتی کار و وەبەرهێنانی قەتەری لە عێراق و هەرێمی کوردستان.